پەیدابوون و گرنگی

رۆژی جیهانی شانۆ

لێکۆڵینەوەیەکە لە ئامادەکردنی : سامي عبدالحمید

وەرگێڕانی : ئازاد مولود خدر

پێشەکی :—

خەلکی لەوە راهاتوون کە گەلێ جار هەولێکی زۆر بدرێت بۆ ئاهەنگ گێران بە یەکێ لە بیرە بەرزەکان لەسەر ئاستی هەموو جیهان ، بەلاّم ئەبینین بە پێچەوانەی ئەو هەولاّنە بیرۆکەی دان‌نان بە رۆڵی شانۆ لە چەند وولاّتێکدا بە یەكجار مانایەکی زۆر بە خۆیەوە هەڵدەگرێ ، هۆی ئەمەش ئەوەیە کە شانۆ رۆژێك لە رۆژان لە جیهانی‌یەتی خۆی دوور نەکەوتۆتەوە .

بەم ووشانەی کە لەوە دەچن زۆربەی زۆریان زانرابن

ئارسەر میللەری نووسەری شانۆ بەبۆنەی ئاهەنگ گێران لە رۆژی جیهانیی شانۆی ساڵی ١٩٦٦ لە بری مەڵبەندی نێو دەوڵەتانی شانۆ نامەکەی پێشکەش بە جیهان‌کرد .

شانۆویستەکان‌و خەلکی تریش لە گەڵیاندا کە بە بۆنەی ئەم رۆژەوە ، ئاهەنگ دەگێرن ئەوە دەگەیەنێ کە ئاهەنگ گێرانی‌یانە بۆ مرۆڤایەتی‌و بیرو خووو رەوشت‌و کەلەپووری‌یەتی‌یە . بۆیەش ئاهەنگ گێران بە بۆنەی رۆژی جیهانیی شانۆ لە هەموو ئاهەنگێك زیاتر مۆرکی گشتی‌و بە خۆوەگر هەڵدەگرێت . ئەوە خۆی لە خۆی‌دا ئاهەنگ گێرانە بە رۆژی منالاّن‌و رۆژی ئافرەتان‌و رۆژی ئەدەب‌و رۆژی هونەرو سەرباری هەمووشیان رۆژی مرۆڤ . ئەوەی جێگای شانازیشە ئەم ئاهەنگە نرخێکی گەورەترو قووڵتر دەبەخشێتە هونەری شانۆو ئەوانەی لەم بوارەدا کاردەکەن لە کۆمەڵی هاوچەرخمان کە رۆژ لە دوای رۆژ رۆڵی شانۆی لە هاوبەشی رۆشنبیری‌و

شارستانیەتدا تیا بەدیار دەکەوێ .

چۆن بیرۆکەی ئاهەنگ‌گێڕان سەری هەڵدا :-

مەڵبەندی شانۆی نێو دەوڵەتان بیرۆکەی ئاهەنگ گێرانی رۆژی جیهانی شانۆی پەسەندکرد لەوکاتەی لە ساڵی ١٩٦١ بڕیاری‌دا کە رۆژی بیست‌و حەوتی ئازار لە هەموو ساڵێکدا تەرخان بکرێت بۆ ئەوەی هەموو مەڵبەندو دەستە شانۆیی‌یەکان لە جیهان‌دا ئاهەنگی تیابگێڕن بە بانگ‌کردنی خەڵك بۆ دیتنی شانۆگەریەکان بە خۆڕایی‌و ئامادەبوونی کۆڕو ووتار خوێندنەوەو سەردانی پێشانگای هونەری پەیوەندی‌دار بە بابەتەکە کە لەلایەن دام‌و دەزگاکان پێشکەش دەکرێن ، ئەم رۆژەش بە تایبەتی بۆیە تەرخانکرا چونکە رۆژی دامەزرانی شانۆی میللەتانە لە پاریس کە یەکێك‌بوو لە ئامانجەکانی مەڵبەندی شانۆی نێو دەوڵەتان .

بە پێویستیشی دەزانین لێرەدا خوێنەری بەڕێز شارەزای ئەم دەستە جیهانی‌یە بکەین کە ئاهەنگ‌گێڕانی ئەم رۆژەی پەسەندکردوو هانی رێکخستنی‌دا . ئەو دەستەیەی کە بنچینەیەکی ئیجابی دانا لە بەرگری‌کردن لە شانۆ کە لە رابووردودا بەدەست ئەوەوە دەیناڵاند کە هەرگیز بە یەکێ لەرووە سەرەکی‌یەکانی رۆشنبیری جیهان نەدەژمێردراو بە یەکێ لە هەرە بەهێزترین هۆیەکانی بەرپاکردنی ئاشتی لە نێوان گەلاندا دانەئەنرا .

لە ماددەی یەکەم لە پەیڕەوی مەڵبەندی شانۆی نێودەوڵەتاندا هاتووە :

«چونکە هونەری شانۆ دەربڕینێکی جیهانیی رەگەزی مرۆڤەو هێزو کاریگەری‌یەکی ئەوتۆی هەیەکە گەلان بەیەك بەستێتەوە تاکو بە دۆستایەتی بە یەکەوە بژین‌و بیانخاتە خزمەتی ئاشتی بۆیە دەستەیەکی جیهانی پێك‌هات لە ژێر ناوی مەڵبەندی شانۆی نێو دەوڵەتان» .

ئەم مەڵبەندە لە شاری پراگ لە رۆژی ٢٨ی حوزەیرانی ١٩٤٨ دامەزرا ، بە پێی راگەیاندنی لێژنەی ئەدەب‌و هونەری سەر بە رێکخراوی یونسکۆ کە ئەوکاتە لەم نووسەرو هونەرمەندانە پێك هاتبوو (فرانسو مۆریاك‌و ژۆن بریستلی‌و ئەرشیبالد ماکلیش) هەروەها نووسەری ئینگلیزی ژۆن بریستلی کارڵ بە سەرۆکی مەڵبەندەکە دانرا بەرلەوەی بارەگاکەی بگوازرێتەوە پاریس .

یەکێ لە ئامانجەکانی ئەم مەڵبەندە هێنانەدی ئاڵوگۆڕی نێوان دەوڵەتانبوو لە بارەی زانیاری‌و پێ‌هەڵسانی کاروباری شانۆ ئەمیش لە رێگای دامەزراندنی مەڵبەندی نیشتمانی لە هەموو وولاتانی جیهان . ئەم مەڵبەندانە زانست‌و زانیاری دەربارەی جوولانەوەی شانۆ لە وولاتەکانیان دەگەیەننە مەڵبەندی سەرەکی هەروەها مەڵبەندی نێو دەوڵەتان هاوکاری لەگەڵ مەڵبەندە نیشتمانی‌یەکان دەکا لە لادانی هەموو ئەو کۆسپانەی دێنە رێگای گۆڕینەوەی تیپە شانۆیی‌یەکانو رێگای هاتووچۆو گواستنەوەیان بۆ هەموو جیهان ئاسان دەکاو هەروەها لابردنی هەموو تەگەرەیەك کە رێگای پێشکەوتنی شانۆ دەگرێت وەکو هەلگرتنی باج‌و نەهێشتنی (رقابە) لە سەر شانۆو جموجۆڵی شانۆیی‌و پێشکەش‌کردنی یارمەتی هونەری‌و دارایی کە لە توانادابێ بۆ شانۆی وولاتە تازە پێگەیشتووەکان ، هەروەها مەڵبەندی نێو دەوڵەتان یارمەتی ئەو کەسانە دەدات کە ئارەزوویان لە خوێندنی شانۆیە لە دەرەوەی وولاتی خۆیان‌و دەتوانین گرنگترین ئەو کارانەی مەڵبەندی نێو دەوڵەتان لە ساڵانی سەرەتای دامەزرانی‌یەوە پێی هەڵساوە بەم شێوەیە کورت بکەینەوە :

١ - دامەزراندنی پتر لە پەنجا مەڵبەندی شانۆی نیشتمانی .

٢ - دەرکردنی فەرهەنگێکی جیهانی بۆ زاراوە شانۆیی‌یەکانو بەهەشت زمان .

٣ - دەرکردنی گۆڤاری (شانۆی جیهانی) بە هەردوو زمانی فەرەنسایی‌و ئینگلیزی .

٤ - دامەزراندنی شانۆی میللەتان لە پاریس کە لە ساڵی ١٩٥٧دا کرایەوە .

٥ - ئاهەنگ گێران بە بۆنەی رۆژی شانۆیی جیهانی لە بیست‌و حەوتی ئازاری هەموو ساڵێك .

٦ - وەرگێڕانو لە چاپ‌دانو دابەش‌کردنی هەندێ شانۆنامەی هەڵبژاردە بەسەر هەموو مەڵبەندە شانۆیی‌یەکان .

٧ - سازکردنی پێشبڕکێ بۆ نووسینی شانۆنامە لە هەندێ وولاتان .

مەڵبەندی میسریش یەکەم مەڵبەندبوو کە لە وولاتە عەرەبەکان دامەزریٚو هەر لە دامەزرانی یەوەو تائیٚستاش نووسەری گەورە توفیق الحکیم سەرۆکایەتی دەکا ، هەمان شێوە مەڵبەندیش لە تونس و مەغرب دامەزراو پاشانیش لە لوبنان و سوریاو عیراق .

لە پێناو هێنانەدی زمانێکی هاوبەش لە نێوان ئەوانەی لە بواری شانۆکار دەکەن مەڵبەندی نێو دەوڵەتان فەرهەنگێکی جیهانی بۆ شانۆ ئامادەکردووەو ئومێد وایە بەم زووانە دانەیەکی بەزمانی عەرەبیش لیٚ لە چاپ بدرێت .

هەرچی گۆڤاری (شانۆی جیهانی)یشە ئەوە ئێستا دوو مانگ جارێك دەردەچیٚ کە پڕە لە ووتارو لیٚکۆڵینەوەی رەخنەیی و چاوپیٚکەوتن و دەنگ و باسی جموجۆڵی شانۆ لە جیهاندا بە وێنەو نەخشەو نیگارەوەو زۆر جاریش ژمارەی تایبەتی پیٚ دەرچووە وەکو ژمارەیەك بە شانۆی برێشت و ژمارەیەکی تایبەت بە شانۆی سۆڤیەتی و هەر ژمارەیەك لەم گۆڤارە زێتر لە حەفتاو پێنج هەزار دانەی لیٚ بلاو دەکرێتەوە .

دەرهێنەری هونەرمەند (فیرمین ژێمیٚ) هەوڵێکی یەگجار بیٚ پایانی دا بۆ دامەزراندنی شانۆی میللەتان لە پاریس و داچاندنی یەکەم دەنکەتۆوی دەگەرێتەوە بۆ ساڵی ١٩٢٧ کە یەکەم پرۆگرامی جیهانی رێکخرا لە شانۆی «شانزیلیزیٚ» کەچی پرۆژەکەی ئەوکات راوەستا . لە کۆنگرەی دووەمی مەڵبەندی شانۆی نێو دەوڵەتان کە لە ساڵی ١٩٤٩ لە زیوریخ گریٚدرا بڕیاری دووبارە دامەزراندنەوەی شانۆی میللەتان درا ، بەڵام ئەم بڕیارە جیٚبەجیٚ نەکرا تاساڵی ١٩٥٧و بە یارمەتی میری فەرەنسا .

هەموو ساڵێك تیپی جۆراوجۆر لە هەموو جیهانەوە هاوبەشی لەم شانۆیە ئەکەن و شانۆگەریەکانیان بە پێنج زمان پێشکەش دەکەن و دەماودەم وەردەگێردرێنە سەر زمانەکانی تر . هەروەها ئامۆژگایەکی هونەریش هەیە کە سەر بەم شانۆیەیەو تەرخانکراوە بۆ خوێندنی هونەرەکانی شانۆو ناونراوە بە زانکۆی شانۆی میللەتان ، ئەم [illegible]یە ئەو قوتابی یانە دەگرێتەخۆی کە لە رێگای مەڵبەندە نیشتمانی یەکانەوە نێردراون بۆ خوێندنی هونەری شانۆ بە هەموو لایەنەکانی یەوە .

مەڵبەندی نێو دەوڵەتان هەڵساوە بە وەرگێران و لە چاپ دان و بلاوکردنەوەی زۆر شانۆنامەی هەڵبژاردەو بەسەر هەموو مەڵبەندەکانی جیهان بۆ ئەوەی سوودیان لیٚ وەربگیریٚ و شەش شانۆنامەی ئاسیایی وەرگێردراوەتە سەر زمانی ئینگلیزی و فەرەنسایی و بەسەر شانۆ سەرەکی یەکانی جیهان پەخشکراوە .

لە بۆمبای و تۆکیۆو پاریسیش هەندیٚ لە پسپۆرەکان کۆبونەوە بۆ لێکۆڵینەوەی باری شانۆکان لە ئاسیادا لە دوو لایەنی جیاوازەوە . هەڵسەنگاندنی جوولانەوەی هاوچەرخ لە شانۆدا لەلایەك و لەلایەکی تریش پارێزگاریکردنی شانۆی ئاسایی . لە ئەفریقیاش گەشت و گەرانی هونەری رێکخراو هەندیٚ یارمەتی بەخشرا بە شانۆ تازەپیٚگەیشتوەکان . لە ئەمەریکای لاتینیش هەندیٚ لە مەڵبەندە نیشتمانی یەکان لە رێکخراوێکی جیهانی دا کۆبوونەوەو ناونرا بە (مەڵبەندی شانۆی ئەمەریکای لاتین) .

وەگرنگترین کاری کە مەڵبەندی نێو دەوڵەتان پیٚی هەڵسایی دانانی پێشبرکیٚبوو بۆ نووسینی شانۆنامە لە هێندێك وولاتاندا ، لە ئەمەریکای لاتین دوو پێشبرکیٚ سازکرا بۆ هەڵبژاردنی چاکترین شانۆگەری هاوچەرخ . هەر بە هاندانی مەڵبەندی ناوبراو لە ساڵی ١٩٦٨ پێشبرکیٚیەك سازدرا بۆ شانۆی عەرەبی لە رێگای مەڵبەندە نیشتمانی یەکانەوەو زۆر شانۆنامە دەستنیشانکران بۆ هاوبەشیکردن لەم پێشبرکیٚیە لەلایەن چەند لێژنەیەك کە بۆ ئەم مەبەستە پێك هێنرابوون . لێژنەی عیراقیش لە بەرێزان شازل تاقەو خالد شەوواف و زەکی جابرو ئیبراهیم جەلال و سامی عەبدول حەمیدو عەبدوللا نیازی پێك هاتبوو ، ئەو نووسەرانەی هاوبەشی پێشبرکیٚیەکەیانکردبوو داوود سەللوم بە شانۆنامەی (الاسكندر ذي القرنين) وعادل کازم بە شانۆنامەی (تموز يقرع الناقوس)و تەها سالم بە شانۆنامەی (مامعقوله) و جەمیل جبوری بە (بنات الناس)و مەهد سەماوی بە (سرجون الاكدي)و فوئاد تەکرلی بە (الصخرة) بەشداریان کردبووو لە ئەنجامدا شانۆگەری (تموز يقرع الناقوس) بە یەکەم دەرچووو (الصخرة) بە دووەم و بەکەمیان دەست نیشانکرا بە ناوی عیراق هاوبەشی پێشبرکیٚ بکات هەروەها (الزوبعه)ی مەحموود دیاب لە میسرو

(سعد)ی ئەحمەدتەیب لەمەغریبو (للباطل جولة)ی مەحمود عابدی لە ئەردەنو (جاد)ی ئەنتەوان مەعلوف لە لوبنانو (حفلة سمر في خمسة حزيران)ی سەعدوللا وەنوس لە سوریا هاوبەشیانکرد . پاشان لێژنەی دادوەران لە قاهیرە کۆبۆوە کە لەلایەن عیراقەوە یوسف ئەلعانیو جەعفەر ئەلسەعدی تیابووو لە ئەنجامدا شانۆگەری (الزوبعة) بە باشترین شانۆگەریو (جاد) بە پلەی دووەم دەرچوون .

مەڵبەندە نیشتمانییەکانی شانۆ :-

لەم ساڵانەی دواییدا ژمارەی مەڵبەندە نیشتمانییەکان پتربوو دوای ئەوەی کە شانۆ ویستەکان هەستیان بە گرنگی بوونی دەستەیەك کرد کە دەنگو باسیان بگەیەنێتە جیهانی دەرەوەو جموجۆڵی شانۆ ویستەکانی تریان بۆ بگواستەوەو پەیوەندی نێوانیان لەگەڵ شانۆ جیهانییەکان پتەو بکات .

مەڵبەندە نیشتمانییەکانیش لەو لێژنانەی راپەراندن پێك دێت کە چەند ئەندامێکی بە جموجۆڵی یەکێتیو تیپو دەزگا شانۆییەکان دەگرێتە خۆ لە پیشەدارو ئارەزوومەندان ئەم لێژنانەش دەستەی کارگێری هەڵدەبژێرن بۆسەرپەرشتیکردنی کاروباری مەڵبەندەکەو ئەم دەستە کارگێرییانەش سکرتێری گشتی مەڵبەندەکە هەڵدەبژێرن ، دەستەی کارگێریش بۆی هەیە کە کۆمەڵە گشتییەکان کە لە کۆمەڵی ئەندامان پێك دێت بانگ بکا بۆکۆبوونەوەی ساڵانە دوو یان سێجار هەر ساڵێك .

جموجۆڵەکانی مەڵبەندە نیشتمانییەکان دەکرێتە دوو بەش :-

أ - جموجۆڵە نیشتمانییەکان وەکو بەستنی کۆنگرەو کۆری شانۆییو کردنەوەی پێشانگای دیکۆری شانۆو بەرهەمە شانۆییەکانو هاوبەشیکردن لە بەرەوپێش بردنی جوولانەوەی شانۆیی لە وڵاتو دەستپێشخەریکردن بۆ لادانی ئەو کۆسپانەی رێگای ئەو بەرەو پێش‌چوونە دەگرنو کارکردن لە پێناو کەمکردنەوە یاخود نەهێشتنی باج - هەروەکو لەم دواییەدا لە عیراق رووی‌دا - و کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ هەندێ تیپو کارکەرانی شانۆ کە پێویستی داراییان هەیە بۆ بەرهەم هێنان یاخود تەواو کردنی خوێندنیان . هەروەها هەڵدەستێ بە کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی جموجۆڵی شانۆ لەووڵاتداو پەخشنامە بۆ ئەم مەبەستە لە چاپ دەداتو دەیگەیەنێتە مەڵبەندی سەرەکی ، و هەڵدەستێ بە بەهەرمێنکردنی بەرهەمی چاپکراوی شانۆییو هونەری ، ئەمانە سەرەرای سەرپەرشتیکردنی ئاهەنگگێرانی رۆژی جیهانیی شانۆ و رێکخستنی .

ب - جموجۆڵە نێو دەوڵەتییەکان وەکو هاوبەشیکردن لە کۆبونەوەکانی مەڵبەندی نێو دەوڵەتان و کۆبونەوەی نێو دەوڵەتییەکانی تری تایبەت بەکاروباری شانۆو هەروەها یارمەتی لە تواناادا پێشکەش بە شانۆی ووڵاتانی تر دەکاتو هەوڵی ساناکردنی گۆرینەوەی تیپە شانۆییەکان دەداو میوانداری ئەندامانی مەڵبەندی نێو دەوڵەتانو شانۆویستە ناسراوەکان دەکا هەروەها مەڵبەندە نیشتمانییەکان ئەندامانی خۆیان ئاگاداری جموجۆڵەکانی مەڵبەندی سەرەکی دەکەن . لە بارەی داراییشەوە مەڵبەندە نیشتمانییەکان لە هەڵسوراندنی کاروباری خۆیان پشت بەو یارمەتییە دەبەستن کە لەلایەن میرییەوە لە وەزارەتەکانی پەروەردەو رۆشنبیریو راگەیاندن بۆیان‌دێت یاخود لە ئابوونەی تیپو دەزگاو ئەندامانی .

مەڵبەندی عیراق شانۆ :-

کۆنگرەی پێنجەمی خوانی بازنەیی دەربارەی (شانۆو سینەماو تەلەفزیۆنو رادیۆ لە رۆشنبیری عەرەبی هاوچەرخ‌دا) لە بەیروت بەسترا لە ٣٠ تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٧ بە هاوکارییو لەژێر چاودێری رێکخراوی یونسکۆ کە تیایا نێراوانی شانۆو سینەما لە زۆربەی ووڵاتانی عەرەبی هاوبەشیان تێداکرد ، لەوانەش عیراق .

کۆنگرەکە یەکێ لە دانیشتنەکانی تەرخانکرد بۆ باس‌کردنو لێکۆڵینەوەی گرنگترین ئەو کۆسپانەی دێنە رێگای نەشو نماکردنی شانۆی کراو بە پیشە لە ووڵاتانی عەرەبییو دیارکردنی ئەو چارەسەرییانەی کە لە لایەن هەندێ لە نێراوەکان پێشکەش‌کران .

لەم کۆسپانەش نەبوونی بەڵگەنامەیەك بۆ دابین‌کردنی پەسەندکردنی ئەو شانۆگەریانەی کە لە توانایاندایە خەڵکێکی زۆر بۆ لایخۆیان رابکێشن . بۆ ئەمەش کەوا هەموو لایەك بگەرێن بەدوای دەق شانۆیی ئاسایی کەدەست‌بدات بۆ شانۆ

دەستی نووسەرە تازەپێ‌گەیشتوەکان بگیرێو چارەسەرێکی گیروگرفتی زمانی عەرەبی پەتی‌و گشتی لە شانۆدا بکرێت . یەکێ لە کۆسپەکانی تریش نەبوونی جەماوەرێکی ئەوتۆیە کە تام‌و چێژ لە شانۆ وەرگرێ بۆ چارەسەری ئەمەش بریاردرا لە ئارەزووو پێویستی‌یەکانی ئەو جەماوەرە فراوانە بکۆڵد رێتەوە کە چینە میللی‌یەکانی لێ‌پێك‌دێت‌و هامووشۆی شانۆ ناکەن . هەروەها کۆنگرەکە لەوەی کۆڵی‌یەوە کە چۆن شانۆی کراو بەپیشە پێك بهێنرێ لە رێگای هەڵبژاردنی نیمچەپیشەدارەکان‌و گۆرینی ئارەزوو مەندان‌بۆ پیشەدارو دانانی تیپی شانۆیی‌و بانگ‌کردنی شارەزایانی بێگانەو دامەزراندنی ئامۆژگای نواندن . هەروەها کۆنگرەکە باسی پێك هێنانی مەڵبەندی نیشتمانی‌کرد لەو وولاتانەی کە ئەم مەڵبەندانەیان لێ‌نی‌یەو بەرێز ژان‌دارکانت سکرتێری گشتی مەڵبەندی نێو دەوڵەتان کۆرێکی تایبەتی تەرخان‌کرد بۆ ئەوەی پێویستی‌و چۆنی‌یەتی پێك‌هێنانی مەڵبەندە نیشتمانی‌یەکان بۆ نوێنەران روون بکاتەوەو هانی ئەوەی دان کە دەست‌پێشخەری زۆر پێویستە بۆ ئەوەی هەر لەگەڵ گەرانەوەیان هەرکەسەو بۆ وولاتی خۆی لقی تیا بکەنەوە ، ئەمەش لە دوا دانیشتنەکان بریاری لەسەر درا .

ئێمەش خێرا هەموو کارگەرانی بواری شانۆمان لە عیراق بانگ‌کرد بۆ بەستنی کۆبونەوەیەك بۆ ئەم مەبەستە لە رۆژی ١٩٦٧/١٢/٩ ، کۆبونەوەکان بەردەوام‌بوون‌و گفتوگۆو مشت‌ومر گەرم‌بووو هەڵوەشایەوە بێ ئەوەی هیچ بریارێك وەربگیرێ . کەچی دوای ئەوە دەزگای سینەماو شانۆ هەڵسا بە دامەزراندنی مەڵبەندی عیراق بە فەرمانێکی وەزاری لە ١٩٦٩/١/٥ کە لە نوێنەرانی وەزارەت‌و زانکۆی بەغداو دەزگای سینەماو شانۆو تیپە بەجموجوڵەکان پێك بێت . ئەمەو مەڵبەندی عیراق بە هیچ جموجوڵێکی ئەوتۆ هەڵنەستا تا ساڵی ١٩٧٠ کە ئاهەنگ‌گێرانی رێکخست بەبۆنەی رۆژی جیهانیی شانۆ کە تیایا هەندێ لە تیپە شانۆیی‌یەکان بەشداریان‌کرد وەك تیپی نەتەوەیی نواندن بە شانۆگەری (الاجداد یزدادون ضراوة)ی کاتب یاسین‌و دەرهێنانی حمید الجمالی‌و شانۆگەری (الصلیب)ی محمد عفیفی‌و دەرهێنانی بسام الوردی‌و تیپی شانۆی ئەمرۆ شانۆگەری (ضرر التبغ)ی چیکۆڤ لە دەرهێنانی جعفر علی پێشکەش کرد دوای ئەویش تیپی شانۆی هونەری (قراءات شعریە)ی پێشکەش‌کرد کە قاسم محمد لە شیعری بەرهەلستکاری‌یەوە ئامادەی کردبووو تیپی هونەرەکانی شانۆ دیمەنێکی لە شانۆگەری (الناطور)ی علی حسن البیاتی پێشکەش‌کرد . هەروەها وەزارەتی راگەیاندن دوو پاداشتی رێزلێنانی بەخشی‌یە هەردوو تیپی نەتەوەیی‌و شانۆی نوێ بەرامبەر ئەو هەوڵەی بەم بۆنەیەوە داویانە .

هەروەها مەڵبەندی روشنبیری سۆڤیەتیش بەم بۆنەیەوە ئاهەنگی گێراو تیپی دۆستایەتی سەر بەمەڵبەندەکە شانۆگەری (سیزیف والموت)ی پێشکەش‌کرد لە دەرهێنانی أدیب القلیەچی . کەچی قوتابیانی پەیمانگای هونەرە جوانەکان شانۆگەری (کنز البخیل) یان لە دەرهێنانی عبداللە جواد پێشکەش‌کرد لە کاتێکا ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان ئاهەنگێکی سەرپێ‌یان گێرا . تیپی یەکێتی نیشتمانی قوتابیانیش هاوبەشی ئاهەنگەکانی کرد بە پێشکەش‌کردنی دوو شانۆگەری لە هۆڵی کۆلیجی پەروەردە لە دەرهێنانی صلاح القصب .

لە ساڵی ١٩٧١ مەڵبەندی عیراق شانۆ هەڵسا بە رێکخستنی ئاهەنگ‌گێران لە رۆژی جیهانیی شانۆ بە کردنەوەی پێشانگایەك بۆ هونەرەکانی شانۆ کە زۆربەی زۆری تیپە عیراقی‌یەکان هاوبەشی‌یان تێدا کرد لەگەڵ چەند ئاهەنگێکی شانۆیی کە چەند رۆژێکی خایاندو زۆربەی تیپە شانۆیی‌و دەزگا هونەری‌یەکان بەشداریان تێدا کرد .

کارتێکردنی رۆژی جیهانیی شانۆ لە پەیوەندی‌یەکانی نێوان شانۆ ویستەکان :-

دوای ئەوەی باسی ئەو دەزگایەمان کرد کە ئەو ئاهەنگ‌گێرانەی بەبۆنەی رۆژی جیهانیی شانۆ هێناکایەوە حەزدەکەین باسی گرنگی‌و کارتێکردنی ئەم رۆژە بکەین لە پەیوەندی‌یەکانی نێوان شانۆ ویستەکان لە جیهان‌دا .

لەسەر ئاستی جیهانی‌دا کاریگەریەتی ئەم رۆژە بەشێوەیەك لە

شێوەکان دەردەکەوێ لە میان ئاهەنگەکانی شانۆی میللەتان لە پاریس کە جۆرەها شانۆگەری لە وولاتانی جیاجیاوە تیا پێشکەش دەکرێ کە چەندەها دەرهێنەر پێ‌یان هەڵدەستن‌و تیایا پاداشت دەبەخشرێتە سەرکەوتووەکان‌و شانۆ ویستەکان لە نزیکەوە شارەزاو ئاگاداری ئاستی بەرهەمە شانۆیی‌یەکان‌و دوا پلەی بەرەوپێش چوونیان لە ناوەڕۆك‌و فۆرم‌و ڕێبازە تازەکان‌و چارەسەرکردنی بابەتەکان دەبن .

هەروەها کاریگەری‌یەتی لە نێوان ئەو داواکاری‌و نامانەی لەلایەن نووسەران‌و هونەرمەندانی جیهان دەردەکەوێ کە بۆ شانۆ ویستەکان بەتایبەتی‌و خەلکی بەگشتی دەیان نووسن .

ئاهەنگ گێران بەبۆنەی ئەم ڕۆژە نەمرەوە بێ‌گومان جێ پێ‌ی شانۆ ویستەکان قایم دەکاو هانی ئەوەیان دەدا کە زێتر پەیوەندی‌یەکانی خۆیان ڕێك بخەن بە ڕادەیەك ببێتە هۆی ئەوەی کە ئاستی کارە هونەری‌یەکانیان بەرزببێتەوەو دەنگیان بگاتە خەلکی لەهەر چوار قورنەی دنیاوە . هەروەها کۆیان دەکاتەوەو بە توندی بەیەکیان دەبەستێتەوە لە ڕێگای هونەرەکەیان کەوا خەریکە دەخرێتە ناو دەروونی زۆربەی خەلك‌و وایان لێ‌دەکا ڕایان بگۆڕنەوە دەربارەی چۆنیەتی بەستنەوەی شانۆ بە کۆمەلگای مرۆڤایەتی . هەروەکو ئارسەر میللەر ووتی : . . بەڵام هێزی کاریگەری هونەر ئەگەرچی لاوازیش بێ ، کەچی لە مەودایەکی دوورو درێژکاری خۆی دەکات بۆیە توانای ئەوەی هەیە کە کۆمەل بەیەك ببەستێتەوەو هیچ گومانیش لەوەدا نی‌یە کەهەر کارێك بتوانێ بەلگەی ئەوە نیشان بدات کە ئێمە لەیەك دایك‌و باوکین لە پەیوەندی‌یە سروشتی‌یەکانمان ئەوە نیازێکی پاکی مرۆڤایەتی تێدایە .

ئاهەنگ گێران بەرۆژی شانۆ وا دەکات کە شانۆ ویستەکان هەست بکەن کە کارەکەیان زۆر گرنگترە لە کاری سیاسی‌و دیپلۆماسی‌یەکان چونکە ئەوان چ کترین کەسانن کە نوێنەرایەتی گەلانیان دەکەن‌و دەنگیان دەگەیەننە جیهانی دەرەوە بە شێوازێکی کاریگەرو لە دلێ چەقیو بەتایبەتی کە لەم رۆژانەدا شانۆ وەکو بەهێزترین هۆی ڕاگەیاندن سەری هەڵداو بەهۆی هونەرەکەیان شانۆ ویستەکان دەتوانن مەسەلەکانی گەلەکانیان بخەنە بەردەم جیهانی دەرەوە بەشێوەیەکی پڕ چێژو باوەڕپێ‌کراو .

کەچی لەسەر ئاستی ناوخۆش ئاهەنگێران گیانی پێشبڕکێ‌ی بەردەوام دروست‌دەکات لە نێوان ئەوانەی لە بواری شانۆدا کاردەکەن ، هەروەها پلەو پایەیان بەدیار دەخات لە جوولانەوەی ڕۆشنبیری لە وولات‌داو هەڵوێستی‌یان نیشان‌دەدا لە جوولانەوەی شانۆ لە جیهان‌دا . ئەمەش وایان لێ‌دەکات کە پتر یەکتری بگرن لەپێناو ئەوەی شانۆ بخەنە ئەو شوێنەی کە شایانی‌یەتی . هەروەها پەیوەندی ڕێك‌و دروست پەیدادەکات لە نێوان شانۆو دەزگا ڕۆشنبیری‌و پەروەردەیی‌یەکان لە وولات‌داو ووردە ووردە ئاگاداری ئەوەمان دەکاتەوە کە شانۆ نەك تەنها بوەتە پێویستی‌یەکی ئەدەبی‌و بەس بەلکو وەکو مۆسیقاری سۆڤیەتی (شۆستاکۆڤیچ) دەڵێ بوەتە مەسەلەیەکی زیندوو ، هەر لەم ئاهەنگەش‌دا گیانی زیندوو لە کاری شانۆیی‌دا تازە دەبێتەوە . دۆزینەوەی توانای تازەیە . لە باوەش‌گرتنی بەهرە شانۆیی‌یەکان‌و بەدیارخستنیان . لەم ئاهەنگەدا نیگاکان دەبڕێنە گەیشتن بەئاستە پێشکەوتووەکان لە ڕێگای پیاچوونەوەی کارە شانۆیی‌یەکان‌و بەرەو پێش‌بردنی بیری زانستی شانۆ بەبڵاوکردنەوەی ووتارو لێکۆڵینەوەو گفتوگۆکردن دەربارەی کارەکان‌و چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان .

گرنگی ڕۆژی شانۆ لە کاریگەیەتی شانۆ :-

ئەگەر بێتو چاوێك بەو ووشانەدا بخشێنین کە نووسەرو هونەرمەندە بە ناوبانگەکان هەموو ساڵێك لەبری مەڵبەندی شانۆی نێو دەوڵەتان کە بەبۆنەی ئاهەنگی ئەم ڕۆژە پێ‌یان ڕوودەکەنە جیهان ، دەبینین گشت ئەم ووشانە دووپاتی گرنگی بەستنەوەی شانۆ بەمەسەلە مرۆڤایەتی‌یەکان دەکەنەوە وەکو هۆیەك لە هۆیەکانی جوولاندنی کاری شانۆیی . هەروەها

دەبینین چۆن بایەخیان خەست دەبێتەوە لە مەسەلە هاوچەرخەکانمانو ئەو گیروگرفتانەی چارەنووسمانیان پێوە هەڵواسراون . لەلایەکی تریشەوە سەیرئەکەین کە ئەم ووشانە پێ لەسەر گرنگی گەیاندنی هونەری شانۆ بۆ فراوانترین خەڵك دەچەقێنن دوای ئەوەی کە هەستیانکرد بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لێی بێبەش بوونەو تەنها بۆ چەند چینێك بووە .

کەواتە کە شانۆ لەم رۆژانەماندا رووداوەکاتە بەدیارخستنی ئەو دەروونە خراپەخوازانەی کە جیهان بەرەو فەوتان دەبەن ، هەوڵی ئەوە دەدا لە رێگای چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی دەروون چەپکێ رووناکی بخاتە سەر گیروگرفتە گشتی‌یەکانی مرۆڤی هاوچەرخو هۆی گیروگرفتە تاکە کەسی‌یەکان بگەرێنێتەوە سەر گیروگرفتە جیهانی‌یەکان .

جوولانەوەی شانۆ لە زۆربەی وولاتان بەرەو ریسواکردنی جەنگی ستەمکارانە رووی ناوە کە بەهەزاران کەسی تیا ئەمرێو لەرێگاوە جۆرەها رۆشنبیری‌و گەنجینەی کەلەپووری تیا وێران ئەکرێو شانۆگەری‌یەکان دەستیانکردە تاوانبارکردنی ئەوانەی ئاگری شەرهەڵدەکەنو بەرهەڵستی‌کردنی ستەمو بانگ راهێشتن بۆ ئاشتی دادپەروەرانە بۆهەر خاوەن مافێكو وەستان دژی ئەو مەترسی‌یانەی روو بەرووی مرۆڤایەتی دەبنەوەو تا ئەوەلا نووسەری گواتیمالی (بیجویل اسنوریاس) لە ووتەکەی ساڵی ١٩٦٨دا دەڵێ : (مەشخەڵی تەختەی شانۆ لە هیچ شوێنێك نەکوژاوەتەوە بەڵکو وەکو ئەستێرە دەدرەوشێتەوە بۆئەوەی مەسەلەکانی مرۆڤ بخاتەروو گفتوگۆیان لەسەر بکا بێئەوەی هەرە مەزنترین گیروگرفت پشتگوێ بخات کە گیروگرفتی مانەوەی شارستانی‌یەتمانە بەرامبەر ئەم هەموو عەمبارە ترسێنەرانەی ئەتۆم) . هیچ گومانیش لەوەدا نی‌یە کە ئاهەنگ گێران بەرۆژی شانۆ لە هەموو جیهاندا دووپاتکردنەوەی ئەو راستی‌یەیە کە ئەم هونەرە هۆیەکە لە هۆیەکانی لەیەك گەیشتن لە نێوان گەلانداو هێنانەدی هۆیەکانی ئاسایش .

(پاپلۆ نیرۆدا)ی شاعیری پێشکەوتنخوازیش لە نامەکەی ساڵی ١٩٧١دا دووپاتی گرنگی پەیوەندی نێوان شانۆو مرۆڤ کردەوەو ووتی (ئێمە هەموومان دەمانەوێ بنیات بنێین‌و هەموومان دەمانەوێ بزانین‌و شت لەیەك جیابکەینەوەو هەمووشمان دەمانەوێ خۆمان ببینین کە چۆن بووین‌و چۆن دەبین‌و لەسەر ئەوەش رێككەوین کە شانۆ پێویستە سادە بێت بەڵام نەك ساکاری‌بەکی واکە هیچ شتێکی مرۆڤایەتی تیا بەدی نەکرێ) . ئەم قسەیە نەخشەیەکی پانو بەرینمان دەخاتە بەردەم کە پێویستە شانۆ لەبەر رۆشنایی‌یا هەنگاو بنێ تا وەکو کاریگەرو نزیك بێ لە خەڵکەوە ، و هەر ئەم قسەیەش هەموو ئەو بۆچوونانەی پێداویستەکانی بەرەوپێش‌چوون بەخۆوە دەگرێ کە لە کەلەپوورو گەنجینە هونەرییەکانی بەر لە خۆمانەوە وەریان دەگرین . هەروەها شاعیری گەورە ئەوە دووپات دەکاتەوە کە هەموو هۆیە کۆنەکان بەسەرچوونو نەمانو ئێمەش لەو هۆیە تازانە بێبەرین کە خۆ بەزل دەزانن لە ئاست تێگەیشتنی جەماوەرو با هەموو لایەك بزانن کە شانۆ پێویستە وەکو جارانی لێ بێتەوە تاوەکو جەماوەری زۆرو زەبەن دەستی بگاتێو هەر لەو قاوخە دانەبێ کە ئەمرۆ تیایا ئەژێ . (پیتەر برۆك)ی دەرهێنەر بەشەرمەوە لە ووتەکەی ساڵی ١٩٦٩ دانی بەوەدا نا کە شانۆ ویستەکان تا ئێستا سەرنەکەوتوون لە راکێشانی خەڵکێکی زۆر بۆلای کارەکانی خۆیان . هەر لەبەر هەمان هۆش (شۆستاکۆفیچ) بانگی ئەمەی راهێشت کە پێویستە پەیوەندی‌یەکی بەتین لە نێوان شانۆو دەزگا پەروەردەیی‌یەکاندا هەبێت هەر لە سەرەتایی‌یەوە تاوەکو زانکۆ ، چوونکە ئێستا بوو بە پێویست کە کاریگەری‌یەتی شانۆ پتربێت لە دروست کردنی نەوەیەکی وا کە تام لە کاری شانۆیی وەرگرێتو بەگەرمی رووبکاتە بینینی شانۆگەری ، شانۆش وەکو (کاتب یاسین)ی نووسەری جەزایری دەڵێ سەرانجامو بنانجاب بۆ جەماوەرە .

بە زمانی عەرەبی لە گۆڤاری «المسرح والسینما» ژمارە (٦) ساڵی (٢) نیسانی ١٩٧٢دا بلاوکراوەتەوە .